## نوسەری وەحی

نوسـەرانێ زۆر ئەمینن لـە دوبارەکردنـەوەی قسـە سـواوەکانی سـەلەفیە کۆنەکانـی ئومەویـەکان و جەزیرەی عەرەبی، دەڵێن بۆیـە قسـە بـە معاویـە کوڕی ئەبوسـوفیان دەڵێـن لەبـەر ئـەوەی .. کاتبـی پێغەمبـەری خوابووە(صلـی اللـە علیـە وسـلم).. زۆرێک لـە نامـە و ئایەتەکانی قورئان کـە نوسـراوتەوە بەدەسـتی معاویـەی کوڕی ئەبوسـوفیان نوسـراوەتەوە..
قسـە ووتـن بـە معاویـە لای ئەوانـە واتـە گومـان خسـتنە سـەر پێغەمبەر(صلـی اللـە علیـە وسـلم) و ئایەتـی قورئانـە! جـارێ منیـش لەگـەڵ قسـە وجوێـن پێوتـن نیـم نـە بـە معاویـە ونـە بەکەسـی تریش، لەگـەڵ ئـەوەش نیـم بـەس لـە رقی شـیعە تەقدیسـی نمونـەی وەک معاویـە ویەزید بکەیـن، بـەڵام لای سـەلەفییەت رەخنەگرتـن وبەخۆداچونـەوەش یانـی قسـە پێوتـن و جوێنـە، ئینجـا نازانـم بـۆ رەخنەگرتـن لـە معاویـە « واتـا شـکو گومـان خسـتنە سـەر پێغەمبەر(صلـی اللـە علیـە وسـلم) و ئایەتـی قورئانـە؟ ئـەی ناڵێـن خـوا خـۆی پاراسـتنی قورئانـی بەخـۆی سـپاردوە؟! دووەم معاویـە وەحیشـی نوسـیبێت هـەر بـەو چەنـد سـورەتەی کۆتایـی دووسـاڵی پاش فەتحی مەکە ڕاگەیشـتوە، وکەڵەشـێریش بانگ نـەدات خـوا ڕۆژ هەردەکاتـەوە. ئینجـا معاویەیەکـی تـازە موسـڵمان بـوو لەچـاو ئـەو هەمـوو نوسـەرانەی وەحـی چـی بـوو، کـە لـەو موسـڵمانتر وڕاسـتگۆتر وخـاوەن سـابقە وجیهـاد بـوون؟

## [٣]

مەسـەلەی کاتبی وەحـی معاویـە وەک پێشـمەرگایەتی برادەرێکـی لێهاتووە، کـە کاتـی خـۆی دوو هەفتـە چـوە نـاو پیشـمەرگایەتی کـە هاتـەوە دوو سـاڵ باسـی ڕوداوەکانـی دەکـرد هـەر تـەواو نەدەبوو! ئەخـر معاویـە لـە سـاڵی ٨ی کۆچـی لـە فەتحـی مەککەدا موسـڵمان بـوو، کـەی پێڕاگەیشـت ببێتـە کاتبـی وەحـی وزۆرێک لـە نامـەو ئایەتەکانـی قورئـان بنوسـێتەوە؟!! دوایـی لـەو دوو سـاڵەی کۆتایـی وەحـی چـی مابـوو لـە قورئـان جگـە لەچەنـد سـورەتێک وئایەتێکـی کـەم تـا بینوسـیتەوە؟!
ئینجـا مەسـەلەی کاتبیەتـی وەحـی تەنهـا قسـەی بـێ سـەنەد وکەسـانێک و چەنـد زانایەکـی مەدرەسـەی سـەلەفیە وهیـچ دەقێکـی موعتەبـەر وا پاڵپشـتی ناکات، ئەگـەر وامـان دەنـا ڕاسـتیش بـن ئـەو دەقانـە تەنهـا نوسـەری ئاسـایی نامـەکاری وشـتی وا دەسـەلمێنن، نـەک نوسـەری وەحـی. لـەو بـوارەدا بـە هێزتریـن دەق لـە موسـلم دا

لا شك في وضعه، والآفة فيه من عكرمة بن عمار، ولم يختلف في أن رسول الله(ص)تزوجها قبل الفتح بدهر، وأبوها كافر .»

ئەو حەدیسە بە هێزترین دەقە کە ئەوانەی دەڵێن معاویە کاتبی وەحی بوە پشتی پێ دەبەستن، کەچی وەک دەبینیت النووي دەڵێت کێشەی تێدایە چونکە کاتێک ئەبو سوفیان موسڵمان بوو لە فەتحی مەکەدا لە ساڵی هەشتی کۆچی عەیامەک بوو پێغەمبەر [د.خ] ام حبیبەی کچی خێزانی بوو، کەچی حەدیسەکە دەڵێت: چاکترین وجوانترینی ئافرەتی عەرەبم هەیە، أم حبیبة بنت أبي سفیان، دەیدەم بەتۆ بۆ زەواج، گوتی: بەڵێ.!!

پینەچیەکان دەڵێن لەوانەیە مەبەستی ئەبو سوفیان ئەوە بوە زەواجەکە نوێ بکەنەوە چونکە بەبێ ئیزنی ئەو بوە!! هەندەک دەڵێن مەبەستی کچەکەی تری بوە، ئەویش ناوی ام حبیبە بوە؟!! نازانم ناو بڕا بوو؟

ئەگەر بۆ نوێ کردنەوەی عەقدی نیکاحەکە بێت، ئەوە پێویستی نەدەکرد ئەبو سوفیان وەسفی جوانی کچەکەی بکات.

لەوەش سەیرتر بۆ پینەکردنی ئەو حەدیسە مەوزوعە حەدیسێکی تریان هێناوە گوایە ام حبیبەی دایکی موسڵمانان داوای کردوە لە پێغەمبەر خوشکەکەی مارە بکات؟! یانی دایکی موسڵمانان نەیزانیوە ئەو کارە لە ئیسلامدا جائیز نیە!! واتە لە کۆتاییەکانی هەموو تەشریعاتەکاندا لە پاش فەتحی مەککەش ام حبیبە نەیدەزانی جائیز نیە خوشکی میرد بە پێغەمبەر بکات!!

ئیبن قەیم زۆر بە توندی هیرش دەکاتە سەر ئەو حەدیسە وسەر ئەوانەی بیانو پینە وپەڕۆی بۆ دەدۆزنەوە، لەو بارەیەوە لە حاشیة ابن القیم علی سنن ابي داود دەڵێت: « خەڵکانیک زۆریان لە خۆکردوە و تەئویلاتی چەوت و بێ تامیان کردوە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو حەدیسە، وەک دەڵێن داوای لێکردوە زەواجەکە نوێ بکەنەوە، هەندێکی تر دەڵێن وایزانی زەواجەکە بەبێ مۆڵەتی ئەو [ئەبو سوفیان] تەواو نابیت وبۆیە داوای کرد ئەو بەتەواوی هاوسەرگیریەکە بکات، پیغەمبەریش بەگوێی کرد بۆ دڵ ڕاگیرانی، یان وایزانی سەرپشک کردن یانی تەڵاقە وویستی بیگەڕێنێتەوە بە زەواجێکی نوێ، یان هەندی دەڵێن لەوانەیە ابو سفیان بەر لە ئیسلام بوونی وایگوتبێت وەک مەرج بۆ ئیسلامبوونی!!

هەندێک دەڵێن ویستی کچەکەی تری بداتێ ونەیدەزانی حەرامە دوو خوشک لای یەک پیاوبن، وەک چۆن ام حبیبەش بەو تەحریمەی نەدەزانی [وەک لە

حەدیسەكەی كە باسمان كرد] وگێڕەڕەوەی حەدیسەكە هەڵەی لەناوی كچەكەی تری كردوە!! ئەی چی لە [نعم] ەكەی پێغەمبەر دەكەن؟! ئەویش نەیدەزانی حەرامە؟!!

ئەو تئویلاتان ئەوپەڕی فاسید وبەتاڵن، وئیمامەكانی حەدیس وزانست ڕازی نابن بەو نمونانە وهەڵەی راویەكان ڕاست ناكەنەوە بەو ئەندیشە فاسید وئەئویلاتە سارد وسڕانە، كە بەسە بۆ زانینی ناڕاستیان ئەو تەئویلەی دواییان كە لە ڕواڵەتدا بە بەهێزتریان دەچێت بەڵام لەڕاستیدا درۆییترینیانە، كاتێ لە حەدیسەكەدا هاتوە دەڵێت: گوتی: چاكترین وجوانترینی ئافرەتی عەرەبم هەیە، أم حبیبة بنت أبي سفیان، دەیدەم بەتۆ بۆ زەواج، گوتی: بەڵێ. ئەگەر مەبەستی زەواجی خوشكی ام حبیبە با، هەرگیز پێغەمبەر نەیدەوت بەڵێ، بۆیە حەدیسەكە غەڵەتە ونابێت دودڵی بكەین لە چەوتیدا وخواش زاناترە»[7]

## [٤]

هەتا ئەگەر نوسەریشی بۆ بسەلمێت ئەوە وەك زەهەبی وابن حجر بەس باسی نوسەراتی نامەی نێوان پێغەمبەر وخەڵكانی تر دەكەن.

كەوابوو كۆڵەگەی بەڵگەی كاتبی وەحی بوونی معاویە لەسەر حەدیسیكی مەوزوع

---

٧ - «وقد تكلف أقوام تأويلات فاسدة لتصحيح الحديث كقول بعضهم إنه سأله تجديد النكاح عليها وقول بعضهم إنه ظن أن النكاح بغير إذنه وتزويجه غير تام فسأل رسول الله صلى الله عليه و سلم أن يزوجه إياها نكاحا تاما فسلم له النبي صلى الله عليه و سلم حاله وطيب قلبه بإجابته وقول بعضهم إنه ظن أن التخيير كان طلاقا فسأل رجعتها وابتداء النكاح عليها وقول بعضهم إنه استشعر كراهة النبي صلى الله عليه و سلم لها وأراد بلفظ التزويج استدامة نكاحها لا ابتداءه وقول بعضهم يحتمل أن يكون وقع طلاق فسأل تجديد النكاح وقول بعضهم يحتمل أن يكون أبو سفيان قال ذلك قبل إسلامه كالمشترط له في إسلامه ويكون التقدير ثلاث إن أسلمت تعطينيهن وعلى هذا اعتمد المحب الطبري في جواباته للمسائل الواردة عليه وطول في تقريره وقال بعضهم إنما سأله أن يزوجه ابنته الأخرى وهي أختها وخفي عليه تحريم الجمع بين الأختين لقرب عهده بالإسلام فقد خفي ذلك على ابنته أم حبيبة حتى سألت رسول الله صلى الله عليه و سلم ذلك وغلط الراوي في اسمها وهذه التأويلات في غاية الفساد والبطلان وأئمة الحديث والعلم لا يرضون بأمثالها ولا يصححون أغلاط الرواة بمثل هذه الخيالات الفاسدة والتأويلات الباردة التي يكفي في العلم بفسادها تصورها وتأمل الحديث وهذا التأويل الأخير وإن كان في الظاهر أقل فسادا فهو أكذبها وأبطلها وصريح الحديث يرده فإنه قال أم حبيبة أزوجكها قال نعم فلو كان المسؤول تزويج أختها لما أنعم له بذلك صلى الله عليه و سلم فالحديث غلط لا ينبغي التردد فيه والله أعلم»

ودژە عەقڵ ومەنتیق ومێژوو بنیات نراوە. لەپاش قورئان وحەدیس هیچ بەڵگەی تر ئیعتباری نیە بۆ بڕیارڕدانی ڕاستیەکی وا هەستیار.

## بەڵگە نیە کە معاویە هەوڵی بۆ خەلافەت دابێت!!!

دەڵێن هیچ لە مێژوو یاخود لە هیچ هاوەڵێکی بەڕێزی پێغەمبەرە (صلی الله علیە وسلم) نەهاتوە کە معاویە داوای خیلافەتی کردبێت یان بۆ دەسەڵات هەوڵی دابێ، تەنها ئەوە قسەی شیعە وکەسانێکی تری وەک ئەوانن!

ئەی ماقوڵە لە پێناو خوێنی یەک کەس کە خەلیفە عوسمان بوو [رض] کە خۆی تا لە ژیان بوو ڕازی نەبوو کەس خوێنی موسڵمانێک بڕژێنێت لەسەر ئەو، لە پاش مردنی ڕازی بێت بە ڕشتنی خوێنی دەیان هەزار کەس؟! بەڕاستی ساویلکەیەکی زۆر دەوێت تا باوەڕکەی معاویە حوکمی نەدەویست بەڵکو لەپێناو چەند بکوژێک خوێنی ئەو هەموو موسڵمانەی ڕشت ولە خەلیفەی شەرعیش یاخی بوو!! بەڵگە زۆر زۆرن لەسەر ئەوەی معاویە هەوڵی بۆ دەست بەسەرداگرتنی خەلافەت دەدا نەک هەر بۆ خۆی بەڵکوو بۆ بنەماڵەکەشی وەک چۆن یەزیدی کوڕی پەسندا بەسەر دەیان وسەدان سەحابەی گەورە وزاهید وسەرراست، من ناچمە ناو بەڵگەی کتێبەکانی تر هەر بەس باسی بەڵگەیەک دەکەم لە سەحیحی بوخاری کە تییدا معاویە زۆر بە زمانیکی هەرەشە ئامیز لە حزوری سەدان سەحابی گەورە قسەیەک دەکات وەک پەلار بە تایبەتی بۆ عبداللە ی کوڕی عومەر:

[ئەوەی دەیەوێت باسی خەلافەت بکات با شاخەکانی بەرز بکاتەوە وسەرهەڵبڕێ، ئێمە [واتە خۆیی ویەزیدی کوڕی] هەقمان تێیدایە زیاتر لە خۆیی وباوکی]!!

حەبیب بن مسلمة –بە ابن عمری گوت- وەلامی دەرەوە، عبداللە وتی خۆم ئامادە کرد و ویستم بڵێم ئەوەی هەقی لە تۆ زیاترە بەو کارە ئەوەیە کە دژی تۆ وباوکت جەنگا لەسەر ئیسلام!!!

«مَنْ كانَ يُرِيدُ أنْ يَتَكَلَّمَ فِي هاذَا الأمْرِ فلْيُطْلِعَ لَنَا قَرْنَهُ فلَنَحْنُ أحَقُّ بِهِ مِنْهُ ومِنْ أبِيهِ قَالَ حَبِيبُ بنُ مَسْلَمَةَ فَهَلاَّ أجَبْتَهُ قَالَ عَبْدُ الله فَحَلَلْتُ حُبْوَتِي وهَمَمْتُ أنْ أقُولَ أحَقُّ بِهَذَا الأمْرِ مِنْكَ مَنْ قاتَلَكَ وأبَاكَ علَى الإسْلاَمِ»[٨]

٨- ئەوە دەقی حەدیسەکەیە: حدَّثني إبْرَاهِيمُ بنُ مُوسَى أخبرَنا هِشَامٌ عنْ مَعْمَرٍ

بڕوانـە ئـەو لەهجەیـە پـڕ غـرور وهەڕەشـە وبێ ڕیزیـە بەرامبـەر سـەدان سـەحابە ولوتکەیەکـی وەک عومـەری کـوڕی خەتـاب وعبداللـە ی کـوڕی کـە هێنـدە سـتایش دەکرێـت لـە ئەدەبیاتـی سـەلەفییەت تـاڕادەی هێنانـی بـۆ ئاسـتی باوکـی وەک أبـو سلمة بن عبد الرحمن دەڵێت: «مـات ابـن عمـر وهـو مثل عمـر في الفضـل»، سـعيد بـن المسـيب دەربـارەی دەڵیـت: «كان ابـن عمـر حيـن مـات خيـر مَن بقـي»، سـەدانی تریش لـە سـەحابە وتابیعیەکان ستایشـی دەکـەن، سـەرەڕای ئـەوەش کـە پیغەمبـەر [د.خ] بـە سـەریحی حەدیس ستایشـی کـردوە وەک لـە هـەردوو سـەحیحەکەدا هاتـوە، ودەڵیـت: عبداللـە پیاوێکـی سـاڵحە وبـە چەندیـن لەبـزی تـر هاتـوە.

«إن أخـاك رجـل صالـح، أو: إن عبـد اللـه رجـل صالـح» وفي حديث آخـر «إن أخـاك عبـد اللـه رجـل صالـح، لـو كان يقـوم مـن الليـل»؛ يقـول نافـع: «فمـا تـرك ابـن عمـر بعدهـا قيـام الليـل».

## گەڕانەوە بۆ هەق یا درێژەدان بە باتڵ؟!

هەندێ نوسـەری وەهابی سـەلەفی خۆشـمان وەک سـعودیەکان دەڵێن: کـە معاویـە زانـی عەلـی لەسـەر حەقـە و ئیجتیهادەکـەی هەڵـە بـووە.. کۆبونـەوە دەکات لەگـەڵ عەمـری کـوڕی عـاص و هاوەڵـە بەرێزەکانـی تریـدا کەئـەو جەنگـە رابگیرێـت، بـۆ ئەوەی چیدی تاوانبـار نەبن، لێرەدا عەمری کوڕی عـاص بۆڕاگرتنی ئەو جەنگـە قورئـان بـەرز دەکاتەوە.ئینجـا چاوەڕوانـی لێژنـەی تەحکیـم دەکـەن!

---

عـنِ الزُّهْـرِيِّ عـنْ سَـالِمِ عـنِ ابـنِ عُمـرَ. قَـالَ وأخبَرَنِـي ابـنُ طَـاوُسٍ عـنْ عِكْرِمَـةَ بـنِ خَالِـدٍ عـنِ ابـنِ عُمَـرَ دَخَلْـتُ علَـى حَفْصَـةَ ونَسْـوَاتُهَا تَنْطُـفُ قُلْـتُ قَـدْ كانَ مِـنْ أمْـرِ النَّـاسِ مَـا تَرَيْـنَ فلَـمْ يُجْعَـلْ لِـي مِـنَ الأمْـرِ شَـيْءٌ فقَالَـتْ إلْحَـقْ فإنَّهُـمْ يَنْتَظِرُونَـكَ وأخْشَـى أنْ يَكُـونَ فِـي احْتِبَاسِـكَ عَنْهُـمْ فُرْقَـةٌ فلَـمْ تَدَعْـهُ حَتَّـى ذَهَـبَ فَلَمَّـا تَفـرَّقَ النَّـاسُ خَطَـبَ مُعَاوِيَـةُ قالَ مَـنْ كانَ يُرِيـدُ أنْ يَتَكَلَّـمَ فِـي هـاذَا الأمْـرِ فلْيُطْلِـعَ لَنَـا قَرْنَـهُ فلَنَحْـنُ أحَـقُّ بِـهِ مِنْـهُ ومِـنْ أبِيهِ قَـالَ حَبِيـبُ بـنُ مَسْـلَمَةَ فَهَـلاَّ أجَبْتَـهُ قَـالَ عَبْـدُ الله فَحَلَلْـتُ حُبْوَتِـي وهَمَمْـتُ أنْ أقُـولَ أحَـقُّ بِهَـذَا الأمْـرِ مِنْـكَ مَـنْ قاتَلَـكَ وأبَـاكَ علَـى الإسْـلاَمِ فَخَشَـيْتُ أنْ أقُـولَ كَلِمَـةً تُفَـرِّقُ بَيْـنَ الجَمْـعِ وتَسْـفِكُ الـدَّمَ ويُحْمَـلُ عَنِّـي غَيْـرُ ذَلِـكَ فذَكَـرْتُ مَـا أعَـدَّ الله فِـي الجِنَـانِ قَـالَ حَبِيـبٌ حُفِظْـتَ وعُصِيـتَ. قَـالَ مَحْمُـودٌ عـنْ عَبْـدِ الـرَّزَّاقِ ونَوْسَـاتُهَا.

کە معاویە زانی لەسەر ناهەقە دەبوایە یەکسەر بەیعەتی بە حەزرەتی عەلی کردبا نەک وەک هاوشانێک لەگەڵی بچێتە تەحکیمەوە، تەحکیمێکی پڕ لە فێڵ وفریو کە لە ئەنجامدا حەزرەتی عەلی، خاوەن هەق وخەلیفەی شەرعی بیدۆڕێنێت لەبەر خۆشباوەڕی ودل سافی ابو موسی الاشعری ومعاویەی سەرۆکی الفئة الباغیة [دەستەی ستەمکار] بیباتەوە بە فەزڵی فێڵ وفریوی عمرو بن العاص!! ئەوەیە خۆ بە غەڵەت زانین، لە جیاتی پەشیمان بونەوە وڕاستکردنەوەی غەڵەتە کوشندەکانی، خۆشی دامەزرێنێت بە خەلیفە بەرامبەر کێش، حەزرەتی عەلی کە معاویە لە هیچ ڕویێکەوە بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئاستی فەزڵ وسابقە وسوحبەی حەزرەتی عەلی؟!! تەحکیمی بۆ چ بوو معاویە تا چاوەڕێی بکات بۆ بەیعەتدان بە عەلی؟ بەیعەت پێدان تەحکیمی بۆ چیە، نە ئیمان ونە کاتبیەتی وەحی ونە ئەو هەموو خوێنە بە ناهەق ڕژاوە وحەدیسی الفئة الباغیة نەیهەژێنێت ووازنەهێنێت چی هانی دەدا وازبهێیت؟! ئینجا بەڵگەی بۆچیە خۆ کردەو وشەڕە خوێناویەکەی دیارە لە پێناو حوکمگرتنە دەستە وهیچی تر، کەمێک ڕەحم بە عەقڵی خەڵک بکەن!

## یەزیدیش فەزائیلی هەیە و بەشورا وهەڵبژاردنیش هاتە سەر دەسەڵات!!

خۆزگە فەزائیلەکان هەر لە سنوری معاویە بوەستابان، بەڵکو ئەو نوسەرە وەهابیە سەلەفیانە باسی فەزائیلی ئەبو سوفیان ویەزیدی کوڕی معاویەش دەکەن، کە دەیان وسەدان دەق وزانا ئیدانەی خۆیان وکارەکانیان دەکەن، بەڕاستی مرۆڤ پێی خەسارە کات بە قسەکردن لەسەر یەزید بکوژێت ونا هوشیاری کەسێک تا ئەو ڕادەیە بڕ بکات بەرگری لە یەزیدیش بکەیت وتا ڕادەی ئەوەی پێت وابێت یەزید بە شورا وڕاوێژ هاتە سەر حوکم وتەنها سێ کەس ڕازینەبون پێی؟! ودەڵێن ئەوەی دەڵێت معاویە بە زۆر بیعەتی سەندوە لە هەوەڵان ئەوە تانەو تەشەرە لە هاوڵان واتا هاوەڵان ترسنۆک بوون، یان سەریان شۆڕکرد لە ئاستی معاویەدا..! ئەو قسە بێ بنەمایانە هیچ ناگۆڕێت لەوەی کە زۆربەی هاوەڵان چونە ژێرباری حوکمی ئیستیبدادی معاویە وهەر یەکەی بە بیانویەک،

حەدیسەکەی بوخاری دیاری دەخات چۆن معاویە هەڕەشە دەکات لەوەی خۆی بە هەقتر دەزانێت لە خۆیی وکوڕی با پیاو بێت سەربەرزکاتەوە! ابن عومەریش هەر لە حەدیسەکە دەڵێت: « ویستم بڵێم ئەوەی هەقی لە تۆ زیاترە بەو کارە ئەوەیە کە دژی تۆ وباوکت جەنگا لەسەر ئیسلام!!! بەڵام ترسام لەوەی وشەیەک بڵێم ببێتە هۆی تەفریقە وخوێن ڕژان وبەخراپیش لێکبدرێتەوە! فَخَشَيْتُ أنْ أقُولَ كَلِمَةً تُفَرِّقُ بَيْنَ الجَمْعِ وتَسْفِكُ الدَّمَ ويُحْمَلُ عَنِّي غَيْرُ ذَلِكَ»

بەڕاستی ئەو ساویلکانە ڕووی خاوەنی [العواصم من القواصم] یان سپیکردیتەوە لە ناصبیەتدا لەویشیان تیپەڕداوە، کاتێک هەر بە معاویە بەس ناکەن، ستایشی کەسێکی وەک یەزید دەکەن کە ئیمام احمد ڕازی نەبوو حەدیسیشی لێبگێڕێتەوە وهەتا پێشی وابوە دەشێت نەفرەتیشی لێ بکرێت، هەرچەندە من زۆر ڕقم لە نەفرەت وجوێن وئەو شتانەیە. هەتا ئیبن تەیمیە ڕەخنەی لێدەگریت لەسەر کوشتنی حەزرەتی حسین وڕازیبوونی پیی وسزانەدانی بکوژانی لە مجموع فتاویەکەی، خاوەنی عمدة القاري شرح صحيح البخاري پێیوایە بە شەهادەی سەحابان کە حەدیسی [هلاک أمتي على يدي أغيلمة سفهاء] [تاوونی ئومەتی من لەسەر دەستی منداڵ وتاری سەفیهەوە دەبیت] کە لە بوخاریدا هاتوە دەرهەق بە یەزید گوتراوە.

ئەو یەزیدەی امام ابن الجوزي دەربارەی دەڵێت: «چ دەڵێن دەربارەی پیاوێک سێ ساڵ خەلیفایەتی کرد، لە ساڵی یەکەم حسێن ی کوشت، لە دوەم خەلکی مەدینەی تۆقاند وشارەکەی خستە سەرپشت [بۆ تاوان وتاڵان] ولە ساڵی سییەمدا کەعبەی بەردبارانکرد بە مەنجەنیق وڕوخاندی؟!! ....»[٩]

سەرەڕای ئەو ساویلکەییەتە سعودیە وناسیبیەتە تا ڕادەی تەقدیسکردنی یەزید، کە هەتا زانایانی سەلەف خۆیان زۆربەیان هەڵوێستی توند و نەرینیان هەیە لە یەزید. ئەو جۆرە نوسەرانە هێشتا پێشدەستی دەکەن وتاوانباری هەرکەسێک دەکەن بە رەخنەگرتن لە معاویە ویەزید و ابو سوفیان بەناوی تانەو تەشەردان لە هاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)..

٩ – الرد على المتعصب العنيد المانع من ذم يزيد، ابن الجوزي، ص ١١، دار الكتب العلمية ٢٠٠٥ الطبعة الاولى.

بەشی شەشەم

# باوکانی سەردەم

**ڕەبیعی مەدخەلی**

* دیاردەی شەخسپەرستی سەلەفیەکان لە کۆنەوە تا ئێستا
* شێخ ڕەبیعی مەدخەلی و قوتابیەکەی عەبدللەتیفی مەدخەلی
* سەلەفیە مەدخەلیەکان متمانەشیان لە سعودیەوە هاوردە دەکەن!

**ابو اسحاق الحوینی**

* گەڕانەوە بۆ سەردەمی جاریە وکەنیشکەکان

**عائزی قەڕنی**

* شێخە ستایشکەرەکەی سەددام کتێبی ئافرەتێك ئەنفال دەکات!
* کتێبی لاتیأس هی سەلوا عەزیدان بوو!
* عائز قەرنی و قەسیدەکەی سەدام : بەدرۆخستنەوەیەکی درەنگ

**ئیبن عسێمین و ژن**

* بە هەدەردانی سامانی موسڵمانان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بیرە توندڕەوانە!
* ژن و زیانەکانی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل!
* فەتوای ئیبن عسێمین لە حەڕامکردنی فێربوونی زمانی ئینگلیزی!
* تێڕوانینی داعشی موسڵمانانی عەرەب بۆ کورد

**ئەبو بەسیری تەڕتووسی وەك نموونە**

* هێشتا کورد ڕەگەزپەرستە
* ئێوەی کورد بێ ئیسلام یەکسانن بە هیچ!

ئـەو تێڕوانینـە بـۆ کـورد لەلایـەن گەلانـی موسـڵمانی ناوچەکـە و ئیسـلامیە سـەلەفیە جیهادیەکانیـان بـە تایبەتـی باگراوندێکـی مێژوویـی قووڵـی هەیـە لـە مێژووی ئیسـلام و ناوچەکەدا، قووڵایەکی سایکۆلۆژیشـی هەیـە، لـەو ڕۆژەش زەقتر بـوەوە، کـە ئـەو وڵاتانـە لـە پـاش دەوڵەتـی نەتـەوەی نوێـدا، ڕازیبـوون بـە داگیرکردنـی خاکـی کـورد و چەوسـاندنەوەی کـورد.

٢٠١٦/٧/٤

| | |
|---|---|
| ناسیبیەت لە ڕونترین شێوەدا! | 62 |
| پێشێلی حەدیسی سەحیحی بوخاریش! | 66 |
| دەمارگرژی بۆ ابن تیمیە | 69 |
| نامە گرنگ و پڕ بەهاکەی زەهەبی بۆ ئیبن تەیمیە! | 71 |
| ئامارێکی تر لەسەر کتێبی بەناوبانگی «مجموع الفتاوی» ابن تیمیة | 76 |
| ئایە ئیبن تەیمیە ی باوکی توندوتیژی سەلەفیزم کورد بووە؟! | 78 |
| ابن تیمیە وسەلەفییەت وعروبەت... | 81 |
| | |
| بەشی چوارەم | 93 |
| محمدی کوڕی عبدالوهاب | 95 |
| لە ستایشی کافرانەوە بۆ تەکفیری موسڵمانان | 95 |
| ستایشی بێ باوەڕان | 98 |
| شیرکی کۆنەکان زۆر چاکتر لە شیرکی موسڵمانانی ئەمڕۆ! | 104 |
| بە کۆیلەکردنی ئافرەت لەلایەن وەهابیەتەوە | 107 |
| | |
| بەشی پێنجەم | 113 |
| ئیبن عومەر | 115 |
| سەرچاوەیەکی گەورەی سەلەفییەت و مەدخەلیزم! | 115 |
| باوکێکی دامەزرێنەری سەلەفییەتی حەنبەلیزم و مەدخەلیزم! | 116 |
| تەقوا و شوێن کەوتنێکی نا عەقڵانی سونەت! | 119 |
| ئیبن عومەر و حەزی ئافرەت! | 121 |
| دەلالی کەنیزە کڕین! | 124 |
| وێنەی ئافرەت لای حەزرەتی عەلی بەپێی دەقە شیعیەکان! | 127 |
| شیعە و سونە هەمان تێڕوانین بۆ ئافرەت! | 128 |
| پایەی نهج البلاغة | 129 |
| باگراوندێکی کێشەی عائیشە و عەلی | 130 |
| ڕایەکانی عەلی لە دەرەوەی نهج البلاغة | 133 |
| کیسەکەی ئەبو هورەیرە یان کارخانەی حەدیس! | 139 |
| عوزرەکانی ئەبو هورەیرە | 141 |

| | |
|---|---|
| شاهێدە مردووەکانی ئەبو هورەیرە! | 145 |
| معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان | 147 |
| کاریگەری معاویە وئومەویەکان بەسەر ئیسلام وموسڵمانانداا | 147 |
| فەزائیلەکانی معاویە | 150 |
| نوسەری وەحی | 153 |
| بەڵگە نیە کە معاویە هەوڵی بۆ خەلافەت دابێت!!! | 157 |
| گەڕانەوە بۆ هەق یا درێژەدان بە باتڵ؟! | 158 |
| یەزیدیش فەزائیلی هەیە وبە شورا وهەڵبژاردنیش هاتە سەر دەسەڵات!! | 159 |
| | |
| بەشی شەشەم | 161 |
| باوکانی سەردەم | 163 |
| ڕەبیعی مەدخەلی | 163 |
| دیاردەی شەخسپەرستی سەلەفیەکان لە کۆنەوە تا ئێستا | 163 |
| شێخ ڕەبیعی مەدخەلی و قوتابیەکەی عەبدللەتیفی مەدخەلی | 166 |
| مەدخەلیەکان: پێناسەیەک لە ناسنامەیان | 167 |
| مەدخەلیەکان: خەواریجی دیندار وئازادیخوازان ومورجیئەی دەسەڵاتداران | 170 |
| ستایشی لە سنوور بەدەری ڕەبیعی مەدخەلی | 174 |
| ئەزموونی مەدخەلی کوردی ئەزموونی سعودیشی تێپەڕداوە! | 177 |
| سەلەفیە مەدخەلیەکان متمانەشیان لە سعودیەوە هاوردە دەکەن! | 181 |
| ڕەبیعی مەدخەلی: ئافرەت جێگای متمانە نین! | 183 |
| ابو اسحاق الحوینی | 185 |
| گەڕانەوە بۆ سەردەمی جاریە وکەنیشکەکان | 185 |
| عائزی قەڕنی | 189 |
| شێخە ستایشکەرەکەی سەددام کتێبی ئافرەتێک ئەنفال دەکات! | 189 |
| ئەو دزیانەی دەستی لەسەر نابڕێت! | 189 |
| کتێبی لاتیأس هی سەلوا عەزیدان بوو! | 190 |
| تۆمەتبارە بە ئەنفالکردنی کتێبێکی تریش! | 191 |
| عائز قەرنی و قەسیدەکەی سەدام : بەدرۆخستنەوەیەکی درەنگ | 193 |

| | |
|---|---|
| ئیبن عسیمین و ژن | 195 |
| بە هەدەردانی سامانی موسڵمانان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بیرە توندڕەوانە! | 195 |
| ژن و زیانەکانی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل! | 196 |
| فەتوای ئیبن عسیمین لە حەڕامکردنی فێربوونی زمانی ئینگلیزی! | 198 |
| تێڕوانینی داعشی موسڵمانانی عەرەب بۆ کورد | 200 |
| ئەبو بەسیری تەڕتووسی وەک نموونە | 200 |
| بەیانێک بۆ ئەکراد | 202 |
| هێشتا کورد ڕەگەزپەرستە لای داگیرکەرانی کوردستان و کوردە فریوخۆرەکان | 203 |
| ئێوە بێ ئیسلام یەکسانن بە هیچ! | 205 |

